## بیرەوەرییەكانی كەریمی حیسامی

نەمر كەریمی حیسامی لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦ و ١٩٩٦ دا، دە بەرگ لە بیرەوەرییەكانی خۆی بڵاو كردەوە كە تێدا باسی ژیانی سیاسی خۆی كردوە. كتێبەكە گەنجیبەیەكی بەنرخە بۆ رووداوە سیاسییەكانی كوردستان، ئێران و عیراق كە بەشێكی لە ناوچەی سندوس و مەهاباد و بە گشتی موكریان رابوردوون. لە بەرگی یەكەمدا، كە رووداوەكانی سەردەمی منداڵی نووسەر (لە ١٩٢٦ هاتۆتە جیهان) هەتا ساڵی ١٩٥٧ی گرتۆتە بەر، كاك كەریم چەندین جار هاتۆتە سەر باسی بۆكان و ناوچەكەی دەور و بەری :

- چوون بۆ خانەقای زەمبیل (ل ٧٣)،
- گوندی قەرەكەند و میوانییەتی ماڵی عەبدولكەریم كارەش(حەمزەیی) ل ٧٤،
- بەشداری مامۆستا هەژار و خوالێخۆشبوو رەشیدی عەلیزادە لە یەكەم كۆنگرەی حزبی دیموكراتی كوردستان لە بۆكانەوە (ل ١٠٩)،
- ژیاندنەوەی چالاكی حزبی دیموكراتی كوردستان لە ناوچەی سندوس لە رێگەی بڵاوكردنەوەی شیعرێكی نەمر مەلا ئەمجەدی عوسمانی (قەڵای رەسووڵە سیت) ەوە (ل ١٥٤)،
- خەلیفەی سەیدی زەمبیل (ل ١٦٢)،
راپەڕینی وەرزێرانی گوندی "گۆل" و پاشماوەی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی و موكریان(ل ٢٠٦ بە دواوە)، و...

ئەگەر دەرفەت هەبێت واهەیە بە بەرگەكانی دیكەی كتێبەكەشدا بچمەوە كە بۆ نموونە باسی ژیانی نەمر مەلا حەسەنی قزڵجی لە باشووری كوردستان و بوڵغاریای كردوە و لە چالاكییەكانی حزب لە ناوچەی بۆكان دواوە. بۆچوونی كاك كەریم لەسەر راپەڕینی وەرزێرانی فەیزوڵڵابەگی هەندێ جیاوازە لە سەرچاوەكانی دیكە و دەوری حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران لە رێبەرایەتی رووداوەكاندا زۆر بەرچاوتر نیشان دەدات و چەشنە هێرشكارییەكیش دەكاتە سەر مامە غەنی بلووریان و حسێنی فرۆهەر(زێرنیگەران) لەم پێوەندییەدا. بەڵام لەگەڵ بیرەوەرییەكانی مامە غەنی یەك دەگرێتەوە كە ئەویش دەوری حزب لە رووداوەكاندا گرنگ دەنوێنێت.

كریم حیسامی، "لە بیرەوەرییەكانم – بەرگی یەكەم لە منداڵیەوە تا ساڵی ١٩٥٧"، وەشانێن ژینانوێ، سوید ١٩٨٦، ٣١٦ لاپەڕە، بەرگی دەیەم ١٩٨٩ – ١٩٩٥، چاپخانەی ماردین، ستۆكهۆلم ١٩٩٦، ٢٥٩ لاپەڕە.